# ستایشی پێغەمبەر (د.خ) لە شعری "ناری" دا

## پوختەی توێژینەوە


ناری بەوە ناسراوە کە یەکێکە لە شاعیرە کلاسیکیەکانی شیعری کوردی، لە مەبەستە جۆراو جۆرەکانی ئەدەبدا وەك دڵداری و نیشتیمان پەروەری و مرۆڤدۆستی شیعری هۆنیوەتەوە، بەهەمان شێوە ناری لە ڕووی عیرفانەوە ئەسپی خۆی تاوداوەو خۆشەویستی خۆی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی دەربڕیوە.

تەوەرەکانی مەدح و سەنای پێغەمبەر (د.خ) لە شیعرەکانی ناریدا بە شێوەی جۆراوجۆر ڕەنگی داوەتەوە، هەریەك لە موعجیزات و ئاکار و ڕەفتاری جوانی لە خۆ دەگرێت، ناری لە باس و وەسفی پێغەمبەری خوادا (د.خ) خۆشەویستی بۆی و تکالێکردنی بۆ شەفاعەتکردن و چەندین وەسفی تر جێی پەنجەی دیارە، ناری لە دیوانەکەیدا لە چەندین جێگا بە وشەی جوان و هەمەڕەنگ وەك (حەزرەتی والا) و (حەبیبی خالقیی عالەم) و (خیر البشر) وە بە شێوازی شیعری جیا جیا وەك تاك و پێنج خشتەکی ... هیتد وەسفی پێغەمبەری خوای کردووە .

لە پێشەکی توێژینەوەکەدا تیشك دەخەینە سەر شیعرە عیرفانیەکانی ناری، هەروەها پاشخانی زانستی و ئەدەبی ناری لە ڕووی زمانی بێگانەوە ڕوون دەکەینەوە، هەر لە پێشەکیدا باسی پێکهاتەکانی نێو دیوانەکەی ناری دەکەین، هەروەها پلانی توێژینەوەکە ڕوون دەکەینەوە، پاشان لە دەروازەدا هەڵدەستین بە باسکردنی ناو و ژیاننامەی ناری، توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە کە حەڤدە دێڕ شیعری عیرفانی لەخۆ دەگرێت، لە کۆتاییدا چەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەك دەخرێنە ڕوو.



**وشە سەرەکیەکان:**

ناری

ستایشی پێغەمبەر

شیعرو ڕاڤەکردن

ڕەوانبێژی

## 1. پێشەکی:

ئەو شیعرانەی ناری نووسیویەتی ئایینی، نیشتیمان پەروەری، دڵداری هی دیکەن، سەبارەت بە شیعری عیرفانی ناریەوە ئەوا دوو جۆری هەیە، جۆریکیان بە شێوەیەك نووسیویەتی کە لەتافەتی تێدایە، واتە دەکرێت عاریفێك بۆ مەعشوقەکەی خۆی بیخوێنێتەوە، هەروکو دەکرێت دڵدارێکیش بۆ مەحبوبەکەی بخوێنێتەوە وەك عەلائەددین سەجادی ئاماژەی پێکردووە،[1] جۆری دووەمیان وشەکانی ڕاشکاوانە ڕووی لە نەعت و خۆشەویستی پێغەمبەرە.

سەبارەت بە جۆری دووەمی شیعرە عیرفانیەکانی ناری مارف خەزنەدار دەڵێت: (نەعت: ستایشی پێغەمبەر لا ناری هەیە، بەڵام کەمە، ئەو کەمە بەرزو ڕەنگینە، کەچی شیعرە ئایینییە گرینگەکەی دیکە ئیلاهیات (موناجات) لەبەرهەمیدا بەرچاو ناکەوێ)[2] .

ئەوەی خەزنەدار دەیڵێت مەبەستی ئەو شیعرە ئیلاهیاتانەیە کە ڕاستەوخۆ موناجاتی لە گەڵ خوا تێدایە، بەڵام ئەو بەشەی کەپەیوەندە بە گلەیی لە نەفس و هەواو و پووچیی ژیانی دونیا ئەمە لە دیوانەکەیدا زۆرە، هەروەکو سەرجەمی شیعرەکانی مۆرکێکی ئایینی پێوەیە، بە تایبەتی کاتێك باسی ئازیزێکی دەکات کە یەکێك بێت لە بنەماڵەی شیخ مەحمود و شێخانی تەریقەت، ئەوا دەبینین بە ئەولادی پێغەمبەرو خۆشەویستی خواو چەندین وەسفی تەسەووفی تر دەیرازێنێتەوە.[3] وەك عەلائەددین سەجادی دەڵێت: (بە سۆزێکی ئایینیەوە باسی نیشتیمان دەکات)،[4] ئەمە لە لایەك لەلایەکی تریشەوە ئەو دیوانەی ناری کەلەبەر دەست دایە تەواوی شیعرەکانی ناری تێدانیە هەروەکو عوسمان ناری زادە لە دیوانی ناری ڕوونی کردۆتەوە،[5] عەلائەددین سەجادی دەڵێت: (دیوانێکی بەرزو باڵای هەیە هێشتا لە چاپ نەدراوە).[6]

ناری لە دیوانەکەیدا چەندین شیعری فارسی هەیە، بەشێکی تێکهەڵکێشی شیعرەکانی حافزو سەعدی و هیترن، بەشێکی تریشی بریتیە لەو شیعرانەی کە بەنامە بۆ

---

[1] عەلائەددین سەجادی، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، (بغداد، چاپخانەی معارف، 1952)، 455-459.

[2] مارف خەزنەدار، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، چ1، (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2005)، 5/ 204.

[3] مەلا کاکە حەمەی بێلوو ناری، *دیوانی ناری*، ئا: عوسمان عارف ناری زادە، چ.3، (سلێمانی، چاپخانەی چوار چرا، 2019)، 100، 114، 119، 198.

[3] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 37.

[4] سەجادی، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، 468.

[5] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 11، 12، 366، 369، 370.

[6] سەجادی، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، 468.

هاوڕێکانی نوسیووە یان بەسەر کەسێکی ئازیزی گوتووە، دوا بەشەکەی تریش بریتیە لە باسی قیامەت یان تەفسیری سورەتێکی قوڕئان.[7]

هەر کەسێك تەماشای شیعرەکانی ناری بکات هەست بەکاریگەری زمانەکانی فارسی و عەرەبی دەکات لەسەر پاشخانی زانستی و ئەدەبی شاعیر و ڕەنگدانەوەی ئەم کاریگەریەش لەسەر شیعرەکانی، هەندێك جار شاعیر هەندێك وشە بەکار دەهێنێت کەلە وشە کۆنەکانەکانی ئەدەبی فارسیە، بۆیە ئەگەر خوێنەر ورد نەبێت لە وانەیە بکەوێتە هەڵەوە.

لە دیوانەکەی ناریدا شیعری شاعیرانی تر بەرچاو دەکەوێت، هەریەك لە مەلا حەسەنی شاهۆ و صابری و صافی هیرانی کە هەستاون بە وتنی شیعر بە شێوەی پێنج خشتەکی لە سەر شیعرەکانی ناری[8].

سەبارەت بە پێکهاتەی شیعرەکانی دیوانی ناری لەچەند شێوەیەك پێکهاتوون، هەرچەند دێڕێك لەسەر باسێك دەڕۆن، دەبینین بە هۆی نزیکی ناریەوە لە شیخ مەحمودو خانەوەدەکەی، هەروەها لە شێخانی تەریقەتی وەك شیخ سیراجەددین و شێخ عوسمانی بیارە کاریگەریکی زۆری لەسەر شیعرەکانی بەجی هێشتووە، لە شوێنێکی زۆری دیوانەکەی شیعری لە سەر شێخ مەحمود و شێخانی تری تەریقەت هۆنیوەتەوە، هەر بەهۆی ئەم نزیکیەوەیە لایەنی عیرفانی و نیشتیمان پەروەری بە ڕوونی لە سەر شیعرەکانی ڕەنگ دەداتەوە.[9]

ناری بە شێوەیەك گرینگی داوە بە شێخ مەحمود و منداڵەکانی شیعری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانیان وتووە، لە ژیان و مردن و هاوسەرگیری و سەفەرو خۆشی و ناخۆشیەکانیان، بەڕاستی دیوانەکەی ناری کەشکۆڵێکە لە ژیان و بەسەر هاتی شیخ مەحمود و خانەوادەکەی و پاشان شێخانی تەریقەت .

### 1.1. کێشەی توێژینەوە:

ناری شاعیرێکی بەلیغە، شیعرەکانی بە زمانێکی کلاسیکی نوسیوە، هەروەها لە شیعرەکانی وشەگەلێکی زۆری فارسی و عەرەبی بەکار هێناوە، بەشێك لەو وشانە بە تایبەت وشە فارسیەکان بۆ لێکدانەوەیان پێویستە پشت بە فەرهەنگی کۆن ببەسترێت، بۆیە ئەگەر توێژەر وریا نەبێت دەکەوێتە هەڵەوە.

### 1.2. پرسیاری توێژینەوە:

---

[7] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 311، 334.
[8] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 324.
[9] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 49، 54، 70.

لەم توێژینەوە هەوڵ دەدەین تا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ئایە ناری شیعری عیرفانی هەیە؟ هەروەها لایەنە ڕەوانبێژیەکەی ئەم شیعرە ستایش ئامێزانەی ناری لەسەر پێغەمبەر (د.خ) ڕوون دەکەینەوە.

### 1.3. ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەو توێژینەوەیە بەیان کردنی ڕێزو ستایشی پێغەمبەرە (د.خ) لە ئەدەبی کوردیدا، لە ناویشیدا بەدیاری کراوی لەلایەن نارییە .

### 1.4. میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەدا میتۆدی شیکردنەوەی هونەریمان گرتۆتەبەر، بەشێوەیەك هەڵساوین بە ڕاڤەکردنی شیعرەکانی ناری و پاشان هەڵساوین بە هەڵدانەوەی پەردە لەسەر ئەم لایەنە ڕەوانبێژیانەی کە ناری لە وەسفی پێغەمبەری خوادا (د.خ) بە چەندین سیغەی (داڕشتنی) بەلاغی جیاجیا بەکاری هێناوە وەك (تەشبیە) و (مەجاز) و (ئیستیعارە) (کینایە) و هتد، هەروەکو ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی شیعرەکانی ناری لەو ناوەڕۆکە مێژووییەو ڕووداوانەی لە شیعرەکانیدا ئاماژەی پێکراوە بەشێك دەبێت لەکارەکانی توێژینەوەکە، لەهەمان کاتدا توێژینەوەکە باسی ئەو ئایەت و فەرموودانەش دەکات کە ناری بەهۆیانەوە بە شێوەی ئاماژە (تلمیح) یان تێکهەڵکێش بە پێغەمبەری خوای (د.خ) هەڵداوە .

### 1.5. سنوری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە تەنها شیعرە تاکەکانی ناری دەگرێتەوە کە لە سەر نەعتی پێغەمبەر داینا‌وە و لە سەرەتای دیوانەکەی داندراوە، کە بریتیە لە حەڤدە دێڕە شیعر .

### 1.6. پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەو توێژینەوە پێکهاتووە لە پوختە، پێشەکی، دەروازەیەك لەسەر ژیانی شاعیر لەگەڵ دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا تیشك دەخەینە سەر ئەو دێڕو بەیتانەی کە ناری وەسفی ئاکار و ئەخلاق و جوانی پێغەمبەری (د.خ) تێدا دەکات، هەرچی بەشی دووەمە ئەوا ئەو شیعرانە لە خۆ دەگرێت کە شاعیر بەراوردی گەورەیی شکۆی پێغەمبەر دەکات لەگەڵ پێغەمبەران و پادشاکان. لە پێناوی ڕێکخستن و دابەشکردنی بەیتەکان لەسەر دوو بەشدا ڕەچاوی ئەو ڕیزبەندیە شیعریەمان نەکردووە کە لە دیوانی ناریدا هاتووە، لە کۆتاییدا ئاماژەمان بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کردووە.

## 2. دەروازە: ژياني شاعیر:

(ناری) ناوی مەلا کاکە حەمەی کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا موحەممەد کوڕی مەلا عبدولرەحمانە، لە دێی (بادەڵان) لە ناوچەی شلێری قەزای پێنجوێن کەسەر بە پارێزگای سولەیمانی یە لە ساڵی 1874 ز لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر هاتۆتە

دونیاوە، هەڵبەتە مارف خەزنەدار پێی وایە لە گوندی (ساوجی کۆن) لە شاری مەریوان لە دایك بووە،[10] بەڵام عەلائەددین سەجادی دەڵێ لە (ساوجی کۆن) ژیاوە،[11] ناری دوای تەواوکردنی فەقێیەتی ماوەیەك لە دێی (کیکن) ژیاوە، لە دواییدا لە گوندی (بێڵوو) کە دەکەوێتە نێوان مەریوان و پێنجوین گیرسایتەوە، بۆیە لە ناو خەڵك بە مەلا کاکە حەمەی بێڵوو ناسراوە، هەرچی ناسناوی (ناری)شە ئەمە ناسناوێکی شیعریە کاکە حەمەی بێڵوو بۆ خۆی داناوە، بۆ خوێندنی وانەی مەلایەتی لە لەلای زۆر لە مامۆستایانی ئایینی خوێندوویەتی و بەم بۆنەوە زۆر شوێنی کوردستانی بینیوە، هەریەك لە ئاواییەکانی ناوچەی سنە، مەهاباد، مەریوان و پێنجوێن گەڕاوە، پاشان چووە بۆ سولەیمانی، ڕەواندوز، هەولێر، وان و باشقەلا، ناری لە ڕێکەوتی 1944/4/2ز لە تەمەنی (70)ساڵی لە گوندی بێڵوو کۆچی دوایی کردووە.[12]

## 3. بەشی یەکەم: شیعرەکانی ناری لە وەسفی ئاکار و ئەخلاق و جوانی پێغەمبەر (د.خ)

### 3.1. شیعرو ڕاڤەکردن:

**سورەتی یاسین کە وەسفی حەزرەتی لولا دەکا**

**ئەهلی دڵ مایل بە جیلوەی سورەتی طاها دەکا**[13]

(جیلوە) وشەکی فارسیە بەو شتە دەوترێت کە بینەر دڵخۆش بکات و جوانیەکەی بینەر بۆ خۆی بکێشێت[14].

واتە: سورەتی یاسین بەشێوەیەك وەسفی خوشەویست دەکات کە وا لە عاشقانی پێغەمبەر دەکات موشتاقی دیدەنی روخساری (صورە)ی ئەو (طە) بین، وشەی (سورتی) ئەگەر وتمان لە دەستنووسە ئەسلیەکەدا پیتی یەکەمی (صاد) لە جێی (س) هاتبێت ئەوە گومانی تێدانیە مەبەست لێی ڕووخسار دێت نەك سورەتی قورئان، بەڵام بۆ جوانی سیاقی شیعرەکە لەڕووی شیکلیەوە وە نزیکیان لە ڕووی لەفزیەوە شاعیر وشەی سورەتی بەکار هێناوە، تا لە کاتی خوێندنەوەی وشەی سورەت لەهەردوو نیوە دێڕدا بەر گوێ بکەوێت، هەر وەکو لە نیوە دێڕی یەکەم وشەی (یاسین)ی بەکار هێناوە ئەوە لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەی (طە)ی بەکار هێناوە،

---

[10] خەزنەدار، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، 5/ 201-202.

[11] سەجادی، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، 455-456 .

[12] ناری، *دیوانی ناری*، 13، 14. مەلا کاکە حەمەی بێلوو ناری، *دیوانی ناری*، ئا: کاکەی فەلاح، چ.1 (سنندج، انتشارات کردستان، 2003)، 25.

[13] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 37.

[14] شاکر کسرائی، *قاموس عربي فارسي*، ط1، (بیروت، الدار العربیة للموسوعات، 2014)، 184 .

ئەگەرچی ناوی دوو سورەتی جیان بەڵام هەردووکیان ناون بۆ پێغەمبەر، شاعیر بۆ جوانکردنی شیعرەکە لە ڕووی ماناوە وای داناوە، لەگەڵ ئەمەش ئەم بەیتە لەتافەتی تێدایە دەکرێ هەردوو نیوە دێڕەکە بە مانای سورەتی (یاسین و طه) واتە دوو سورەتی ناو قورئانی پیرۆز لێکبدرێنەوە.

**ڕەوانبێژی:**

ناری لەدێری یەکەمی ئەو قەسیدەیە چەند جۆرو شێوەیەك لە ڕەوانبێژی بەکار دەهێنێت کە بریتین لە یەکەم: کینایە، شاعیر وشەی (حەزرەتی لولا) ئەویش بۆ گرینگی شیعر لە وشەی (لولاك)ی عەرەبیەوە کورتی کردۆتەوە، کەمەبەستی لێی پێغەمبەرە. بەهەمان شێوە کینایەی بەکار هێناوە لە وشەی (ئەهلی دڵ) کەمەبەستی کەسانیکە عاشقن بە دیدەنی پێغەمبەر.

دووەم جۆری ڕەوانبێژی کە لەو بەیتە شیعرەی ناریدا هاتووە بریتیە لە ڕەگەزدۆزی (جناس)ە، ئەویش لە وشەکانی (سورەت)دا هاتوون کەیەکەمیان مەبەست لێی سورەتی قورئانە، دووهەمینیشان مەبەست لێی صورەت و شێوەی پیرۆزی پێغەمبەرە .

شاعیر (إطناب)ی دووبارەیی بەکار هێناوە لەم دێرە شیعرەدا کە بریتیە لە وشەکانی: (یاسین، حەزرەتی لولا، طاها)، هەروەها ناری لە وشەکانی (سورەتی طاها) تەوریەی بەکار هێناوە، لە بنەڕەتدا مەبەستی ڕوخساری پیرۆزی پێغەمبەرە، لە مانا دوورەکەش مەبەستی سورەتی طاهایە. هەروەها لە بەکارهێنانی وشەی (سورەت) لە تافەتی بەکار هێناوە وەك شێوەیەك لە ڕەوانبیژی.

بەهەمان شیوە تەشابوهی ئەترافیشی تێدایە، لە نیوە دێڕی یەکەم ناوی (یاسین) هاتووە و لە نیوەدێڕي دووەمدا بە (طاها) کۆتایی دێت، تەناسوب لەو نێوانەدا ڕوونە، کە مەبەست لە هەردووکیان پێغەمبەرە.

**وشە پیرۆزەکان:**

ئەو دوو سورەتەی کە ناری ناویانی بردووە بریتین لە دوو سورەتی قورئانی پیرۆز، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يس (1) وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ (2) إِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ (3) عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (4) تَنْزِيلَ الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ (5)﴾ (یس: 1-5) هەروەها دەفەرموێت: ﴿طه (1) مَا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لِتَشْقَى (2)﴾ (طه: 1-2) .

ناری وشەی (لولاك)ی بەکار هێناوە کە بەشێکە لەو فەرموودەیەی کە دەڵێت: (لولاك لما خلقت الأفلاك) واتە: ئەی موحەممەد گەر تۆ نەبوای من ئاسمانەکان و زەویم دروست نەدەکرد. ئیمامی (صاغاني) ئەم فەرموودەیەی بە هەڵبەستراو

داناوه، ئەم فەرموودەیەو چەند فەرموودەیەکی تریشی هاومانا لە شیعری کوردیدا زۆر مەشهورن، بەڵام بەگشتی بێهێزو هەڵبەستراون[15].

## 3.2. شیعرو ڕاڤەکردن:

**ئاسمان وەك مشتەری، هەردەم بە میزانی وەفا**

**کەسبی هەر شامێ بە یادی دەوڵەتی ئیسرا دەکا[16]**

(موشتەری) بەمانای کڕیار دێت لە زمانی عەرەبی، هەروەها ناوی هەسارەیەکیشە،[17] (شام) لە زمانی فارسی بە ژەمی ئێوارە دەوترێت، بەهەمان شێوە ناوی وڵاتێکیشە.[18] وشەی (دەوڵەت) بەمانای وڵات دێت لە زمانی عەرەبی، وە چەند مانایەکی تریش دەدات کە لە هەموویان گونجاوتر بۆ ئێرە مانای دەستاودەست کردنە.[19]

واتە ئاسمان وەك کڕیارێکی بە وەفا وایە، چۆن کڕیاری بەوەفا هەموو ئێوارەیەك – پاش گەڕانەوەی لە کار- دەچێتە لای فرۆشیارەکەی خۆی پێداویستیەکانی لێدەکڕێ، ئاسمانیش بەهەمان شێوە هەموو ئێوارەیەك بە یادی ئەو شەوەی کە پێغەمبەر (د.خ) تێیدا شەوڕەوی کرد کە لە نێوان فریشتەو پێغەمبەرەکان لە ئاسمانێك بۆ ئاسمانێکی تر دەستاو دەست دەکرا، جا ئاسمان چاو دەبڕێتە وڵاتی شام و چاوەڕوانە تا جارێکی تر خۆشەویست لە شام (بەیتولموقەددەس)وە بێت و دیدارێکی تری لەگەڵ ئەنجام بدات، هەروەکو ئەم دیدارەی ئاسمان لەگەڵ پێغەمبەر لە کاتی شام واتە ئێوارەدا ڕوویداوە.

**ڕەوانبێژی:**

---

[15] أبو عبد الله محمد بن عبد الله بن محمد بن حمدويه ابن البيع الحاكم، *المستدرك على الصحيحين*، تح: مصطفى عبد القادر عطا، (بيروت، دار الكتب العلمية، 1990)، 2/671-672. محمد بن علي بن محمد الشوكاني، *الفوائد المجموعة*، تح: عبد الرحمن يحيى المعلمي، ط3، (بيروت، المكتب الإسلامي،1407هـ)، 326. پاش تەصحیح کردنی یەکێك لەم ڕیوایەتانە لە لایەن ئیمامی حاکمەوە ئیمامی زەهەبی دەڵێت: (پێموایە لەسەر زمانی یەکێك لە ڕاویەکان کە ناوی (سەعید)ە ئەم فەرموودەیە هەڵبەستراوە). ڕیوایەتەکانی تریش بەهەمان شێوەن.

[16] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 37.

[17] محمد بن مكرم بن علي ابن منظور، *لسان العرب*، ط3، (بيروت، دار صادر، 1414 هـ)، 14/ 427.

[18] عبد النعيم محمد حسنين، *قاموس الفارسية*، ط1، (بيروت، دار الكتاب اللبناني، 1982م)، 406.

[19] ابن منظور، *لسان العرب*، 11/ 252.

شاعیر هەستاوە بە بەکارهێنانی یەکێك لە (المحسنات البدیعیة)یە کە دژیەك (طباق)ە لە وشەکانی (ئاسمان، شام) ئەگەر بە مانای پارچە خاکێك لەسەر زەوی ڕاڤەی بکەین.

بەهەمان شێوە ناری لەم دێڕەدا موبالەغەی بەکار هێناوە بەشێوەیەك وێنەی خۆشویستنی پێغەمبەری کردووە لە دڵی مرۆڤەکان بەڵکو گیاندارو بێگیانەکانیش کە بێ ئۆقرەن لە دووری ئەودا، تەنانەت مەخلوقێکی وەك ئاسمان ئەوەندەی خۆشدەوێت کەهەموو شەوێك لە خەیاڵی بینینی ئەم پێغەمبەرەیە.

ناری تەوریەی بەکار هێناوە لە وشەی (شام) کە مانا مەقسودەکە لێرە وڵاتی شامەو مانا دوورەکەشی ئیوارەیە.

بەهەمان شێوە ناری بەم بەیتە کینایەی بەکار هێناوە، کە مەبەستیەتی بڵێت هەموو کەسێك پێغەمبەری خوای خۆشدەوێت.

هەروەها لە ڕەوانبێژیەکانی ئەم دێڕەدا تەناسوب بەکارهاتووە ئەویش تەناسوبی نێوان (ئاسمان، ئیسرا، موشتەری) ئەگەر موشتەری بەمانای هەسارەی موشتەری بێت، هەروەها لە وشەکانی (میزان، موشتەری) لێرە ئەگەر موشتەری بە مانای کڕیار بێت.

**وشە پیرۆزەکان :**

ناری وشەی ئیسرا بەکار دەهێنێت کە ناوی سورەتێکە لە قورئانی پیرۆز خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (1)﴾ (الإسراء: 1)

### 3.3.شیعرو ڕاڤەکردن:

**ئەی حەبیبی خالیقی عالەم لە ئادەم تا بە تۆ**
**ئەنبیا یەك یەك بەیانی حەزرەتی والا دەکا**[20]

وشەی (والا) لە وشەی (أعلی)ی عەرەبیەوە هاتووە بووە بە (والا)، عوسمان ناری زادە دەڵێت: (مەبەست پێغەمبەرە خۆی (والات)ە، واتە باسی بەرزیەتی تۆ ئەکات (ت)کەی لەبەر قافیەی شیعرەکە قرتاوە)[21].

واتە ئەی خۆشەویستی خوا پێغەمبەران هەر لە ئادەم تا گەیشت بە تۆ هەموویان باسی بەرزی مەقامی تۆ دەکەن لەلای خوای گەورە.

**ڕەوانبێژی:**

---

[20] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 39.
[21] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 39.

ناری لە ڕەوانبێژی ئەو دێڕەدا شێوەی (إطناب)ی دووبارەیی بەکار دێنێت لە وشەکانی (حەبیبی خالیقی عالەم، تۆ، حەزرەتی والا) کە هەمووی مەبەستی پێغەمبەرە. هەروەکو ڕەگەزدۆی بەکار هێناوە لە وشەی (یەك یەك) کە هەر یەکێك لە یەکێکی تر جیاوازە لە پێغەمبەران. لەم بەیتەدا تەناسوب هەیە لە وشەکانی (ئادەم، تۆ، ئەنبیا)، بەهەمان شیوە تەشابوهی ئەترافیشی تێدایە، نیوە دێڕی یەکەم بە (حەبیبی خالیقی عالەم) دەستی پێکردووە و نیوە دێڕی دووەم بە (حەزرەتی والا) کۆتایی پێهێناوە، کە لە هەردوو ڕستەکەدا مەبەست لێی پێغەمبەرە، هەروەها کینایەی بەکار هێناوە لە وشەی (حەزرەتی والا) کە هەر مەبەستی لێی پێغەمبەرە.

**وشە پیرۆزەکان:**

ئەم شیعرە ئاماژەیە بەو ئایەتانەی کە باس لە هاتنی پێغەمبەر موحوممەد دەکەن لە پەرتووکە ئاسمانیەکان، خوای گەورە دەفەرموێت لەسەر زمانی پێغەمبەر عیسا: ﴿وَإِذْ قالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقاً لِما بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْراةِ وَمُبَشِّراً بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جاءَهُمْ بِالْبَيِّناتِ قالُوا هذا سِحْرٌ مُبِينٌ (6)﴾ (الصف: 6)

### 3.4. شیعرو ڕاڤەکردن:

**نێرگسی مەستی سیاهت عەینی (ما زاغ البصر)**

**شەمعی بێ سایەی وجودت شەرحی (کرّمنا) دەکا**[22]

(سیاه) وشەکی فارسیە بەواتای ڕەنگی ڕەش دێت،[23] (شەمع) واتە مۆم،[24] (وجود) مانای لاشە دەگەینێت لەزمانی فارسی[25].

واتە هەر یەکێك لە: چاوە مەست و ڕەشەکەت کە وەك نێرگزەو خوا بە (مازاغ البصر) وەسفی کردووە، لەگەڵ لاشەی نورینی بێ سێبەرت شەرحی ئایەتی (کرّمنا) دەکەن و دوو نیشانەن لەسەر تکریمی خوا بۆ تۆ .

**ڕەوانبێژی:**

ناری لەم دێڕەدا چەند شێوەیەك لە شێوەکانی ڕەوانبێژی بەکار دێنێت، یەکێك لەو شێوانە بریتیە لە تێکەڵکێشکردن، ناری هەستاوە بە تێکهڵکێشکردنی دوو پارچە ئایەت لە ناو ئەم دێڕە شیعرەدا ئەمانیش بریتین لە: (ما زاغ البصر، کرّمنا). لە وشەکانی (سیاه، شەمع) شێوەی دژیەکی بەکارهێناوە، هەروەها کینایەی بەکار

[22] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 40.
[23] حسنین، *قاموس الفارسية*، 394.
[24] حسنین، *قاموس الفارسية*، 422.
[25] کسرائی، *قاموس عربي فارسي*، 504.

هێناوه له نیوه ڕستەی (شەمعی بێ سایه) کەمەبەستی پێغەمبەرە، هەروەکو خواستن (استعارە)ی بەکار هێناوه له وشەی (نێرگس)، مەبەست له نێرگس چاوە، لێرەدا وشەی (نێرگس) لەوچووە، (چاو) لێچووە.

شاعیر لەم شیعرەدا (إطناب)ی دووبارەیی بەکار هێناوه که بریتین لەم وشانە: (نێرگز، عەین، البصر) که هەموویان به مانای چاو دێن، وه لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی بەکار هێناوه له وشەکانی: (سایە، سیاه).

لەم دێڕەدا تەوریه هەیه له وشەی (عەین) که له واتا نزیکەکەیدا مەبەستی (چاو)ە، له واتا دوورەکەشدا مەبەستی (خود)ە. دیسان له ڕووی ڕەوانبێژیەوه تەناسوب هەیه له نێوان وشەکانی (نێرگز، سیاه) هەروەها له نێوان وشەکانی (مەست، عەین) وه له نێوان (سیاه، عەین، ما زاغ البصر) وه له نێوان (شەمع، سایه، وجود).

**وشه پیرۆزەکان:**

ناری لەم دێڕه شیعرەدا دوو ئایەتی ناو قورئانی پیرۆزی بەکار هێناوه که خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿ما زاغَ الْبَصَرُ وَما طَغى﴾ (النجم: 17)، وه دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓءَادَمَ﴾ (الإسراء: 70).

## 3.5. شیعرو ڕاڤەکردن:

**ئادەمی خاکی به سەر زومرەی مەلەك دا بێ گومان**

**تۆی سەبەب نازش به ڕوتبەی (علم الأسماء) دەکا[26]**

(زومرە) وشەکی عەرەبیه بەمانای کۆمەڵه دێت،[27] (مەلەك) واته فریشته،[28] (نازش) له وشەی (ناز)ەوه هاتووە، که له زمانی کوردی و فارسیدا هەیه، بەڵام ناری لێره بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکه به فارسی کردووه له ڕێگەی پاشگری (ش) کەماناکەی دەبێته: نازی ئەو[29].

واته: هۆکاری هەر یەکێك له تەفزیلی ئەو خاکەی که ئادەمی لێدروستکراوەو، هەروەها نازکردنی خودی ئادەمیش به ڕوتبەی (علّم الأسماء) هەر لەبەر شەرەفمەندی تۆیه، چونکه تۆ دەبیه نەوەی ئەو.

**ڕەوانبێژی:**

---

[26] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 40.
[27] ابن منظور، *لسان العرب*، 4/ 329.
[28] ابن منظور، *لسان العرب*، 10/ 496.
[29] حسنین، *قاموس الفارسیة*، 718.

ناری لەم دێڕەدا موبالەغەی بەکار هێناوە کە وای وێنا کردووە نازو گەورەیی ئادەم لە نێو فریشتەکانی خوا بە هۆی پێغەمبەر موحەممەدەوەیە، هەروەها شاعیر لەم دێڕەدا ئاماژە (تلمیح)ی کردووە بە دوو وشەکەی (علّم الأسماء) کە لە ئایەتێکی قورئاندا هاتوون . هەروەکو تەناسوب هەیە لە نێوان وشەکانی (ئادەمی، مەلەك).

**وشە پیرۆزەکان:**

ناری یەکێك لە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانی بەکار هێناوە کە دەفەرموێت: ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (31)﴾ (البقره: 31)

### 3.6. شیعرو ڕاڤەکردن:

**کاشفی (واللیل)ی طوڕرەی پەرچەمی شەبڕەنگی تۆ**

**ئافتابی طەلعەتت تەفسیری (والضحی) دەکا**[30]

(اللیل) شەوە. (طوڕرە) وشەکی عەرەبیە بە واتای پێشە سەر دێت،[31] (شەبڕەنگ) بە مانای ڕەنگی ڕەش دێت وەك شەو،[32] (ئافتاب) بە مانای رووناکی و خۆرو گەرمی دێت.[33] (طەلعەت) واتە دەرکەوتن وەك دەرکەوتنی رۆژ،[34] (الضحی) بەرەبەیان[35].

واتە هەر یەکێك لەجوانی پەرچەمی ڕەشی نیوچەوانی تۆ کە شەوی تاریك ڕووناك دەکاتەوە لەگەڵ ڕووی گەشاوەی تۆ تەفسیری سورەتی (والضّحی) دەکەن، کە لەم سورەتەدا خوا دڵنوایی و خۆشەویستی خۆی بۆ پێغەمبەرەکەی دووپاتدەکاتەوە.

**ڕەوانبێژی:**

ناری لە ڕووی ڕەوانبێژیەوە مەجازی بەکار هێناوە لە وشەکانی: (پەرچەمی شەبڕەنگ، ئافتابی طەلعەت) بۆ جوانی پەرچەم و ڕوخساری پێغەمبەر (د.خ). وە شێوەی (إطناب)ی دووبارەیی بەکار هێناوە لە وشەکانی (اللیل، شەب) وە لە (ئافتاب، طەلعەت)، هەروەکو شاعیر دژیەکی بەکار هێناوە لە وشەکانی: (اللیل، طەلعەت).

---

[30] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 40.

[31] ابن منظور، *لسان العرب*، 4/ 500.

[32] حسنین، *قاموس الفارسیة*، 409.

[33] حسنین، *قاموس الفارسیة*، 48.

[34] ابن منظور، *لسان العرب*، 8/ 235.

[35] ابن منظور، *لسان العرب*، 4/ 524.

بەهەمان شێوە لە ڕووی ڕەوانبێژیەوە تەناسوب هەیە لە نێوان وشەکانی (شەبڕەنگ، الليل، ئافتاب، طەلعەتت، والضحى)، هەروەها تەشابوهی ئەتراف هەیە لەم دێڕەدا، لە سەرەتای نیوەدێڕی یەکەم وشەی (کاشفی الليل) و لە کۆتایی نیوەدێڕی دووەمدا وشەی (والضحى) بەکارهێناوە، چونکە تەناسوب مەعلومە کە زوحا کاشفی لەیلە. کۆی ئەم دێڕە کینایەتە لە جوانی پێغەمبەر (د.خ).

**وشە پیرۆزەکان :**

ناری دوو وشە کە ناو و سەرەتا وشەی دوو سورەتن لە ناو شیعرەکەی باس دەکات، کە هەردووکیان بەم شێوەیە لە قورئان هاتوون، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى﴾ (الليل: 1) هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَالضُّحَى (1) وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى (2) مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَى (3) وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَكَ مِنَ الْأُولَى (4) وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَى (5) أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى (6) وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَى (7) وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَى (8) ﴾ (الضحى: 1-8).

## 3.7. شیعرو ڕاڤەکردن:

**ئایەتی میعراجی پایەی (قابە قەوسەینت) عەجەب**

**وەصفی ئیعزازت لە تەختی نازی (أو أدنى) دەکا**[36]

(میعراج) بەرز بوونەوەی پێغەمبەرە لە زەویەوە بۆ ئاسمان.[37] (قاب قەوسەین) ئەو مەقامەی نزیك بوونەوەی پێغەمبەرە لە جبرائیل لە ئاسمان. (أو أدنى) نزیك بوونەوەی زیاتری پێغەمبەرە لە جبرائیل،[38] (ئیعزاز) خۆشەویستی و شانازی و شکۆمەندی[39].

واتە ئەو ئایەتانەی کە باسی بەرز بوونەوەی تۆ دەکەن بۆ ئاسمان تا گەیشتیە پایەی (سدرة المنتهى) و عەرشی خوای گەورە لە وێشەوە نزیکبوویەوە لە گەورە فریشتەی خواوە جبرائیل بەقەد دوو قەوس بگرە نزیکتریش، ئەمە هەمووی باسی گەورەیی شکۆمەندی و خۆشەویستی تۆ دەکەن لەلای خوای گەورە.

**ڕەوانبێژی:**

---

[36] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 41.

[37] أبو عبد الله محمد بن إسماعيل الجعفي البخاري، *صحيح البخاري*، تح: مصطفى ديب البغا، (بيروت، دار ابن كثير، 1987م)، 3/ 1410.

[38] محمد بن جرير بن يزيد بن كثير الآملي الطبري، *تفسير الطبري*، تح: أحمد محمد شاكر، (بيروت، مؤسسه الرسالة، 2000م)، 22/ 501.

[39] ابن منظور، *لسان العرب*، 5/ 374.

تەناسوب هەیە لە نێوان وشەکانی (میعراج، قاب قەوسین، أو أدنی) وە لە نێوان (پایە، تەخت). هەروەها تەشابوهی ئەتراف هەیە لەم دێڕەدا، لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم وشەی (میعراج) هاتووە، لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەمیشدا (أو أدنی) هاتووە، موناسەبە لە نیوانیان بریتیە لە موعجیزەی میعراج.

ناری لەم دێڕەدا تەلمیحی کردووە بە بەشێك لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز لە نێو شیعرەکەی .

**وشە پیرۆزەکان:**

ناری چەند وشەیەکی لە شیعرەکەدا بە کاری هێناون کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى (9)﴾ (النجم: 9) هەروەها لە بارەی شەوڕەوی میعراجەوە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت:

(...فانطلق بي جبريل حتى أتى السماء الدنيا فاستفتح فقيل من هذا ؟ قال جبريل قيل ومن معك ؟ قال محمد قيل وقد أرسل إليه ؟ قال نعم قيل مرحبا به فنعم المجيء جاء، ففتح، فلما خلصت فإذا فيها آدم، فقال هذا أبوك آدم فسلم عليه، فسلمت عليه فرد السلام...).[40]

### 3.8. شیعرو ڕاڤەکردن:

**عەکسی ئەلفی قامەتی ئەبرۆتە گەر (نون والقلم)**

**صیدقی مەوزونی کەلامت کەشفی (ما أوحی) دەکا**[41]

(عکس) وشەکی فارسیە واتە وێنە.[42] (قامەت) بە مانای قەد و باڵا دێت[43].

واتە ئەگەر وێنەی جوانی قەد و باڵا و ئەبرۆی تۆیە کە وەك پیتی نون و شێوەی قەلەمن ئەوا ڕاست گۆیی قسەکانیشت کەشفی ئەو ئایەتەی قورئان دەکات کە خوای گەورە هەموو قسەکانی تۆی بە وەحی و ڕاستی داناوە.

**ڕەوانبێژی:**

وەك شێوەیەکی ڕەوانبێژی ناری لەم دێڕە شیعرەدا لێکچواندن (تشبیە)ی بەکار هێناوە لە وشەکانی (قامەت، ئەبرۆ، نون، القلم) کە قامەتی پێغەمبەری (د.خ) چواندووە بە قەلەم و ئەبرۆی پیرۆزیشی بە پیتی نون، لێرەدا هەریەك لە قامەت و ئەبرۆ لێچوونە، هەروەها پیتی نون و قەلەمیش لەوچوونە .

---

[40] البخاري، *صحیح البخاري*، 3/ 1410.
[41] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 41 .
[42] حسنین، *قاموس الفارسیة*، 464.
[43] حسنین، *قاموس الفارسیة*، 513.

هەروەها لەم وشانە تەناسوب هەیە وەك: (ئەلف، نون) وەلە (قامەت، ئەبرۆ) وەلە (القلم، صيدق، کەلامت، ما أوحی).

ناری مەجازی بەکار هێناوە لەم وشانە (ئەلفی قامەت، نون والقلم) کە مەبەستی بەم وشانە جوانی بالا و ڕووخساری پێغەمبەرە.

**وشە پیرۆزەکان :**

ناری دوو وشەی بەکار هێناوە کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ن وَالْقَلَمِ وَما يَسْطُرُونَ (1)﴾ (ن: 1) هەروەها دەفەرمویێت: ﴿فَأَوْحى إِلى عَبْدِهِ مَا أَوْحى (10)﴾ (النجم: 10)

### 3.9. شیعرو ڕاڤەکردن:

**سەلسەبیلی لوطفی تۆ بێشك لە عەرصەی مەحشەرا**

**توشنەلەب قانیع لە بادەی جامی (أعطينا) دەکا[44]**

(سەلسەبیل) ناوی ڕووبارێکی ساف و بێگەردە لە بەهەشت،[45] (عەرصەی مەحشەر)[46] مەیدانی ڕۆژی مەحشەر، (توشنەلەب) دوو وشەی لێکدراوی فارسیە بەمانای لێوتێنوو دێت[47].

واتە ئەو پەرداخە ئاوەی حەوزی کەوسەر کە وەك ئاوی سەلسەبیل وایە لەبێگەردی وشیرینیدا، کە تۆ بە لوتفی خۆت بیدەی بە کەسانی لێوو وشکهەڵگەڕاو و تینوو لە ساحەی مەحشەردا بە دڵنیایی تینویەتیان دەشکێنێت و قانعیان دەکات .

**ڕەوانبێژی:**

ناری لە ڕوانبێژی ئەم شیعرەدا لێکچواندنی بەکار هێناوە لە وشەی (سەلسەبیل)، کە هەستاوە بە لێکچواندنی ئاوی حەوزی کەوسەر بە ئاوی ڕووباری سەلسەبیلی بەهەشت، لێرەدا سەلسەبیل لەوچووە، ئاوی حەوزی کەوسەر لێچووە. هەروەها شاعیر لەم دێڕەدا کینایەی بەکار هێناوە کە مەبەستیەتی بڵێ ئەوەی خەڵك لە ناخۆشیەکانی قیامەت ڕزگار دەکات پێغەمبەری خوایە (د.خ).

ناری لە ڕەوانبێژیدا (إطناب) ی دووبارەیی بەکار هێناوە لە وشەکانی (بادە، جام) کەیەك واتا دەدەن . بەهەمان شێوە ناری هەستاوە بە بەکارهێنا شێوەی دژیەکی لە

---

[44] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 42.
[45] ابن منظور، *لسان العرب*، 11/ 344.
[46] ابن منظور، *لسان العرب*، 2/ 416.
[47] حسنين، *قاموس الفارسية*، 160.

وشەکانی (توشنەلەب، قانیع) چونکە یەکەمیان بەمانای تینوویی و دووەمیان بەمانای تێرئاو کردن دێت.

لەم دێردا ناری تەشابوهی ئەترافی بەکار هێناوە، لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم وشەی (سەلسەبیل) و لە کۆتا وشەی نیوەی دێڕی دووەمدا (أعطینا)ی بەکار هێناوە، لێرەدا تەناسوب ڕوونە، کە خوا ئاوی حەوزی کەوسەر کە وەکو ئاوی سەلسەبیلە بە پێغەمبەر داوە. بەهەمان شێوە تەناسوب هەیە لە نێوان وشەکانی (سەلسەبیل، بادەی جامی، عەرصەی مەحشەر، توشنەلەب).

**وشە پیرۆزەکان :**

ئەو دوو وشەی کە شاعیر بەکاری هێناون لەقوڕئانی پیرۆز بەم شێوەیە هاتوون خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿عینا فیها تسمی سلسبیلا﴾ (الإنسان: 18) هەروەها دەفەرموێت: ﴿إنا أعطیناك الكوثر﴾ (الكوثر: 1).

## 3.10. شیعرو ڕاڤەکردن:

**چی لە دەوڵەت کا، ئەسیری بەندی عیشقی ئەحمەدی**

**عیشقی مەحمودی بە عاشق کەسبی ئیستیغنا دەکا[48]**

(ئەحمەد) و (مەحمود) دووناوی پیرۆزی پێغەمبەرن و لە قوڕئان و حەدیسدا هاتوون . واتە ناری چی لە دونیا و پلەو پایەی دونیایی بکا لە کاتێك کە ئەسیری خۆشەویستی پێغەمبەرە، وە هەر کەسێك بەڕاستی عاشقی پێغەمبەر بێت پێویستی بە هیچ شتێکی تر نابێت .

**ڕەوانبێژی:**

ناری لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی بەکار هێناوە لە وشەکانی (عیشقی، عاشق، ئەحمەد، مەحمود)، هەروەکو خواستنی بەکار هێناوە لە وشەی (دەوڵەت) کە مەبەستی پلەو پایە و دەسەڵاتە، دەوڵەت لێچووە، دەسەڵات لەوچووە. شاعیر (إطناب)ی دووبارەیی بەکار هێناوە لە وشەکانی (ئەسیر، بەندی) کە هەردووکیان یەك واتا دەدەن، هەروەها لە نیوە ڕستەکانی (عەشقی ئەحمەدی، عیشقی مەحمودی) کە هەمان واتا دەدەن.

بەهەمان شێوە ناری مەجازی بەکار هێناوە لە ڕستەی (ئەسیری بەندی ئەحمەدی) ئەم ڕستەیە مەجازیەو مەبەستی لێی ئەوەندە پێغەمبەری لەلا خۆشەویستە کە ناتوانێ

---

[48] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 42.

بەبێ ئەو خۆی بجولێنێ وەك كەسێكی بەندی . لەم دێڕەدا تەناسوب دەبیندرێت لە وشەكانی (دەوڵەت، ئەسیر).

**وشە پیرۆزەكان:**

لە بارەی ناوی ئەحمەدەوە پێغەمبەر عیسا (د.خ) مزگێنی هاتنی پێغەمبەر موحەممەدی بە ئوممەتەكەی خۆی داوەو ناوی پێغەمبەری بە (ئەحمەد) بردووە، هەروەكو لە خاڵی سێیەمدا هێنامان.

3.11. **شیعرو ڕاڤەكردن:**

**ناریا وەصفی جەلالی حەزرەتی خیر البشر**

**كەی بەسەد دەفتەر هەتا مەحشەر بەشەر ئینشا دەكا**[49]

(جەلال) واتە شكۆو گەورەیی،[50](خیر البشر) واتە باشترین مرۆڤ، مەبەستی پێغەمبەرە (د.خ).

ناری لە كۆتایی قەسیدەكەی لە مەدحی پێغەمبەردا دەڵێت: ئەی ناری چۆن مرۆڤ دەتوانێ بەسەد دەفتەر بەڵكو زیاتریش ئیكتیفا بكات لە وەسفی گەورەیی و ستایش و سەنای باشترین مرۆڤ (د.خ)، تەنانەت ئەگەر بۆی دابنیشێت و بنووسێت تا ڕۆژی قیامەت . ناری بەم دێڕە مەبەستیەتی خاڵی كۆتایی دابنێت لەو قەسیدەیی كە تایبەتی كردبوو بە پێغەمبەر (د.خ). چونكە ئەمە دوا دێڕە لە نەعتی پێغەمبەر لە وێدا، بەڵام ئێمە ڕەچاوی ئەو ڕیزبەندیمان نەكرد وەك لەسەرەتا ڕوونمان كردەوە.

**ڕەوانبێژی:**

ناری لە ڕووی ڕەوانبێژیەوە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی بەكار هێناوە لە وشەكانی (مەحشەر، بەشەر). شاعیر لەم دێڕە خواستنی بەكار هێناوە لە وشەی (خیر البشر) كەمەبەستی پێغەمبەرە، خیرالبشر لێچووە، پێغەمبەر لەوچووە. هەروەها تەناسوب هەیە لە نێوان وشەكانی (جەلال، حەزرەت، خیر البشر) وەلە نێوان وشەكانی (دەفتەر، ئینشا).

**وشە پیرۆزەكان:**

ناری وشەی خیر البشر بەكار هێناوە، ئەمیش هاووێنەكەی لە فەرمودەیەكی سەحیحدا هاتووە كە دەفەرمووێت: (أنا سيد ولد آدم يوم القيامة).[51]

---

[49] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 42.

[50] ابن منظور، *لسان العرب*، 11/ 116.

[51] أبو الحسن مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري، *صحيح مسلم*، تح: محمد فؤاد عبد الباقي، (بيروت، دار إحياء التراث العربي)، 4/ 1782.

## 4. بەشی دووەم: شیعرەکانی ناری کە بەراوردی گەورەیی و شکۆی پێغەمبەر دەکات لەگەڵ پێغەمبەران و پادشاکان

### 4.1. شیعرو ڕاڤەکردن :

**خاکی بەر دەرگاهی قەسری گەر بەسەر داکا گەدا**

**هەر نەفەس نەفرەت لە تاجی قەیسەر و دارا دەکا**[52]

(دارا) بە پاشای فارسەکان دەوترێت کە لەگەڵ ئەسکەندەری مەقدۆنی ڕووبەڕوو بۆوە، هەروەکو بە هەموو پاشاو دەوڵەمەندێك دەوترێت.[53] (قەیسەر) پادشای رۆمەکانە.[54]

واتە: ئەگەر کەسی گەدا -کە زیاتر لە خەڵکی دەوڵەمەند شاگەشکەی جوانی کۆشك و تەلاران دەبێت- خاکی بەر دەرگاهی بەیتی نەبەوی یان گۆڕی پیرۆزی بکا بەسەری خۆیدا ئەوا لەبەر بۆنی خۆشی ئەم خاك و خوڵە ئارامبەخشە بەشێوەیەك ئەم گەدایە دڵ خوش و بەختەوەر دەکات کە لە بەراوردکردندا لەگەڵ هەر نەفەس هەڵمژینێك نەفرەتێك لە هەرچی خۆشی دونیا هەیە دەکات، لەناویشیان کۆشك و تەلارە جوان و پڕ ڕازاوەکانی قەیسەر و دارا.

**ڕەوانبێژی:**

ناری لەم دێڕە شیعرەدا لە ڕووی ڕەوانبێژیەوە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی بەکار هێناوە لە وشەکانی (قسری، قیسەر، نەفەس، نەفرەت). هەروەها موبالغەی بەکار هێناوەی ئەویش بریتیە لە ڕستەی (...گەر بەسەر داکا هەر نەفەس نەفرەت...).

بەهەمان شێوە شاعیر لە ڕووی ڕەوانبێژیەوە یەکێك لە (المحسنات البديعيه) ی بەکار هێناوە کە دژیەکە لە وشەکانی (گەدا، دارا). هەروەها لەم بیتەدا شێوەیەکی تری ڕەوانبێژی کە مەجازە بەکار هێناوە ئەویش وشەی (قەسرە) کەمەبستی لێی ماڵ یان گۆڕی پێغەمبەرە (د.خ) .

ئەم بەیتە شیعرە خۆی کینایەتە لە بری ئەوەی کە گۆڕو ماڵی پێغەمبەرو وشاری مەدینە ئارامبەخشی گیانی خۆشەویستانیەتی. وە تەناسوب هەیە لە نێوان وشەکانی (قەسر، تاج، قەیسەر، دارا) لە ڕووی ڕەوانبێژیدا.

### 4.2. شیعرو ڕاڤەکردن:

---

[52] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 37.

[53] ناظم محمد، *ترجمان اللغات*، Princeton University Library، (مجلس معاريف، 1389 هـ)، 324 .

[54] کسرائی، *قاموس عربی فارسی*، 382.

**گەر تەصەورکا مەسیحی تەختی عەرشی ئەعظەمی**

**تا ئەبەد تەرکی بەیانی ڕەفعەتی عیسا دەکا**[55]

مەبەست لە (عەرشی ئەعزەم) عەرشی خوای گەورەیە.

واتە ئەگەر کەسی مەسیحی بزانێ مەقامی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) چەند بەرزە، لەوەی کە چووە بۆ ئاسمانەکان و چەند ڕێزی لێگیراوە، لە ئاسمانێك بۆ ئاسمانێکی تر تا گەیشتووە بە عەرشی خوای گەورە، کابرای مەسیحی واز لە مەدح و پیاهەڵدانی پێغەمبەر عیسا دەهێنێت کە بەردەوام باسی بەرزکردنەوەی دەکەن بۆ ئاسمان کاتێك دوژمنانی خوا ویستیان بیکوژن.

**ڕەوانبێژی:**

تەناسوب هەیە لەم دێڕەدا لە نێوان وشەکانی (مەسیحی، رەفعەت، عیسا). هەروەها ئەم دێڕە کینایەتە لە بارەی گەورەیی مەقامی پێغەمبەر (د.خ) لەلاي خوا.

**وشە پیرۆزەکان:**

ناری وشەی عەرشی بەکار هێناوە ئەویش یەکێکە لەو ناوانەی کەلەچەندین شوێن لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الرحمن على العرش استوى﴾ (طە: 5) .

### 4.3. شیعرو ڕاڤەکردن:

**نوری عیشقی تۆ لەسەر طوری دڵی موسا مەگەر**

**دای لەسەر سینەی بەشەوقی دڵ یەدی بەیضا دەکا**[56]

(طور) مەبەست لەو کێوەیە کە تێیدا پێغەمبەر موسی قسەی لەگەل خوای تەعالا کرد. بەڵام لەم دێڕە شیعرەدا مەبەستی دڵی موسا پێغەمبەرە .

مەبەست لە (یەدی بەیضا) دەستی پێغەمبەر موسایە لەکاتی لە باخەلیدا دەریدەهێنا بە موعجیزە سپی هەڵدەگەڕا.

ناری لەم دێڕە دەڵێت: هۆکاری سپی بوونی دەستی موسا لەبەر ئەوەیە چونکە عیشقی خۆشەویستی تۆی بەشێوەیەك لە دڵی دابوو دەڵی بەو هۆیەوە ئەوەندە نورانی ببوو کە دەستی لە باخەڵی دەناو دەیخستە سەر دڵی بەهۆی ئەم خۆشەویستیەوە سپی و نورانی دەبوو.

---

[55] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 38.
[56] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 38.

**ڕەوانبێژی:**

شاعیر لە ڕووی ڕەوانبێژیدا لێکچواندنی بەکار هێناوە، دڵی موسا پێغەمبەری بە کێوی (طور) دەچوێنێت. وە لەم دێڕەدا موبالەغەی بەکار هێناوە کە وادپیشاندەدات هۆکاری سپی بوونی دەستی موسی ئەوەیە دەستی لە دڵی دەداو دڵەکەشی بەهۆی عیشقی پێغەمبەرەوە مونەووەر بووو. هەروەها تەناسوب هەیە لە نێوان وشەکانی (نور، شەوق، بەیزا، عیشق) هەروەها لە نێوان وشەکانی (دڵ، سینە، یەد).

**وشە پیرۆزەکان:**

لەبارەی کێوی طورەوە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿هل أتاك حديث موسى إذ ناداه ربه بالواد المقدس طوى﴾ (النازعات: 15-16) هەروەها لەبارەی یەدی بەیزا دەفەرموێت: ﴿أسلك يدك فى جيبك تخرج بيضاء من غير سوء﴾ (القصص: 32) .

**4.4. شیعرو ڕاڤەکردن:**

**بۆ خەلیلان گەر نەسیمی گوڵشەنی لوطفت ببێ**

**ناری نەمروودی بە سەحنەی (جەننەتولمەئوا) دەکا**[57]

(خەلیلان) کۆی ناوی (خەلیل)ە لە زمانی عەرەبی بە مانای هاوڕێ و ئازیز دێت، هەروەك (خەلیل) لەقەبێکی تایبەتە بە پێغەمبەر ئیبراهیم (د.خ)،[58] (نەسیم) شنەبایە،[59] (گوڵشەن) واتە گوڵزار، ئەو باخ و بیستانەی گوڵی زۆری تێدایە.[60] (ناری نەمرود) ئەو ئاگرەیە کە پاشایەك بە ناوی نەمرود هەڵی کرد و پێغەمبەر ئیبراهیمی خستە ناو ئاگرەکەوە،[61] (سەحنە) یان (صحنە) وشەیەکی فارسیە بە زەویەکی فراوان و تەخت دەوترێت کە نمایشی تێدا ئەنجام دەدرێت[62].

واتە ئەگەر شنەبای پڕ ڕەحمەت و میهرەبانی تۆ ئازیزانت بگریتەوە ژیانیان دەکات بە بەهەشت، هەرچەند لە بنەڕەتیش ئەو ژیانە ناخۆش بیت، هەر وەکو چۆن لوتفی تۆ ئەو ئاگرەی کە نەمرود بۆ پێغەمبەر ئیبراهیمی هەڵکرد کردی بە بەهەشت .

---

[57] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 38.

[58] ابن منظور، *لسان العرب*، 11/ 216.

[59] حسنين، *قاموس الفارسية*، 736.

[60] شێخ محمد خاڵ، *فەرهەنگی خاڵ*، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2017 ز)، 502.

[61] محمد بن جرير بن يزيد بن كثير الآملي الطبري، *تاريخ الرسل والملوك*، ط1، (بيروت، دار الكتب العلمية،1407 هـ)، 1/ 142.

[62] حسنين، *قاموس الفارسية*، 435.

**ڕەوانێژی:**

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا لێکچواندنی بەکار هێناوە، کە هەستاو بە لێکچواندنی ئاگری نەمرود بە جەننەتولمەئوا.

بەهەمان شێوە ناری لە ڕووی رەوانبێژیەوە یەکێك لە (المحسنات البديعية) کە دژیەکە بەکار هێناوە لەم وشانەدا: (خەلیل، نەمروود) وە لە نێوان وشەکانی (نار، جەننەتولمەئوا). هەروەها لە بەیتەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی لەم وشانە بەکار هێناوە: (نار، نەمروود) .

ناری لەم دێڕە شیعرەدا تەوریەی بەکار هێناوە ئەویش بریتیە لە وشەی (ناری) کەمەبەستە نزیکەکەی ئاگرەکەی نەمرودەو مەبەستە دوورەکەی ناوی خۆیەتی، واتە (تۆ لوتفت لەگەڵ ناری ببێ) تا وەکو لە هەر شیعرێکدا مۆرکێکی خۆی پێوە بلکێنی، وە ئەم شێوە بەکار هێنانە باوە لەناو شاعیرانی کورد هەر لە زووەوە. هەروەها لە ڕووی ڕەوانبێژیەوە تەناسوب هەیە لە نێوان وشەکانی (نەسیم، گوڵ) وە لە نێوان (نار، نەمرود).

**وشە پیرۆزەکان:**

شاعیر باسی ئەو ئاگرەی کردووە کە نەمرود بۆ پێغەمبەر ئیبراهیمی هەڵکرد، ئەویش لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قلنا يا نار كوني بردا وسلاما على إبراهيم﴾ (الأنبياء: 69).

ناری وشەی جەننەتولمەئوای بەکار هێناوە ئەمیش یەکێکە لەهەشت بەهەشتەکەی کە ناوی لە قورئانی پیرۆز هاتووە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿عندها جنة المأوى﴾ (النجم: 15) .

### 4.5. شیعرو ڕاڤەکردن:

**تاقی کیسرا بۆ بە بەرقی نوری حوسنی شەق نەبێ!**

**سەیلی حوکمی ناری فارس زایل و ڕیسوا دەکا**[63]

(تاقی کیسرا) کۆشکی پاشای فارسەکان بوو کە بە لە دایك بوونی پێغەمبەر لەرزی و چواردە پایەی شکا،[64] (بەرق) بە مانای تەزووی کارەبا و ڕووناکی و برووسك دێت لە زمانی فارسی.[65] (سەیل) بە واتای زریان دێت،[66] (ناری فارس) ئەو ئاگرە

---

[63] ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 39.

[64] الطبري، *تاريخ الرسل والملوك*، 1/ 459.

[65] حسنين، *قاموس الفارسية*، 101.

بوو كە فارسەكان هەڵیان كردبوو كە هەزار ساڵ بوو نەكوژابوویەوە.[67] (زایل) وشەیەكی عەرەبی بەمانای لەناوچوون و نەمان دێت[68].

واتە بروسكی نوری جوانی پێغەمبەر بووە هۆی شەقكردنی تاقی كیسرا و ئەم بروسكە زریانێكی وای دروست كرد كە بووە هۆی لاچوون و ڕیسوابوونی حوكمی فارسە ئاگر پەرستەكان.[69]

**ڕەوانبێژی:**

شاعیر لەم دێڕەدا موشاكەلەی بەكارهێناوە لە نێوان جوانی و مونەووەری ڕوخساری پێغەمبەر (د.خ)، لەگەڵ شەقبوونی تاقی كیسرا، هەروەها لێكچواندنی كردووە لە نێوان ڕوخساری پێغەمبەرو بروسك لە بەهێزی ڕووناكیدا. ناری لەم دێڕەدا (إطناب)ی دووبارەیی بەكار هێناوە لە وشەكانی: (بەرق، نور، حوسن). هەروەها ڕەگەزدۆزی ناتەواوی بەكار هێناوە لە وشەكانی: (نوری، ناری).

ناری لە وشەی (سەیل)دا خواستنی بەكار هێناوە، كەمەبەستی نوری پێغەمبەرە، نوری پێغەمبەر لێچووە، سەیل لەوچووە. هەروەها تەناسوب هەیە لە نێوان وشەكانی (تاق، كیسرا، فارس).

### 4.6. شیعرو ڕاڤەكردن:

**با وجودی پرتەوی میهری جەماڵی ئەنوەرت**

**كێ خەیاڵی زیبی قەسرو سایەیی (طوبی) دەكا[70]**

(پرتەو) بە مانای تیشك و ڕووناكی دێت.[71] (ئەنوەر) واتە ڕووناكتر، نورانی تر.[72] (زیب) وشەیەكی فارسیە لە (زیبا)وە وەرگیراوە بەمانای جوانی دێت.[73] (میهر) بە واتای دۆستایەتی و خۆشەویستی و خۆر دێت.[74] (طوبی) وشەیەكە بۆ مزگێنی دان بەكار دێت، هەروەها ناوی دارێكە لە بەهەشت [75].

---

66 كسرائی، *قاموس عربی فارسی*، 308.

67 الطبري، *تاریخ الرسل والملوك*، 1/ 459.

68 ابن منظور، *لسان العرب*، 11/ 315.

69 ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 39.

70 ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 41.

71 كسرائی، *قاموس عربي فارسي*، 112.

72 ابن منظور، *لسان العرب*، 5/ 242.

73 كسرائی، *قاموس عربي فارسي*، 273.

74 حسنین، *قاموس الفارسیة*، 705.

75 ابن منظور، *لسان العرب*، 1/ 564.

واتە بە بوونی باڵای جوانی ڕووناکت کە وەك ئەو خۆرەیە هەموو جیهانی گرتۆتەوە کێ خەیاڵی لا قەسرە ڕووناکەکانی بەهەشتە یان سێبەری درەختی طوبایە.[76]

**ڕەوانبێژی:**

ناری لە ڕووی ڕەوانبێژیەوە خواستنی بەکار هێناوە لە وشەکانی (پڕتەو، میهر، جەماڵ، ئەنوەر) کەمەبەستی لاشەی پیرۆزی پێغەمبەرە، ئەم وشانە لێچوونە، لاشەی پیرۆزی پێغەمبەر لەوچووە. هەروەها لەم دێڕەدا (إطناب)ی دووبارەیی بەکار هێناوە لە وشەکانی (پڕتەو، میهر، ئەنوەر) کە مەبەست لێیان ڕووناکیە، هەروەها لە وشەکانی (جەماڵ، زیب). هەروەکو تەناسوب هەیە لە نێوان وشەکانی (میهر، زیب و جەماڵ) وە لە نێوان (قەسر، زیب و جەماڵ) وەلە (سایە، طوبی).

**وشە پیرۆزەکان:**

ناری وشەی (طوبی)ی بەکار هێناوە کەلە چەندین فەرموودەدا هاتوون وەك ئەصحاب دەفەرموون: (أن رجلا قال له: يا رسول الله، ما طوبى؟ قال: شجرة في الجنة مسيرة مئة سنة، ثياب أهل الجنة تخرج من أكمامها)[77].

## ئەنجام وڕاسپاردە

لە کۆتایی ئەم نامەیە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ناری شاعیرێکی بەسۆز و تەرەفداری ئەهلی عیرفانە، شیعری بۆ باڵا دەستی و گەورەیی خوا نوسیوە، لە بارەی پێغەمبەرەوە (د.خ) بە چەندین شێوازی جوان و ڕەوانبێژانە وشەی ناسك و پڕتەوی بەکار هێناوە، بۆ کەسانێك کە دەیانەوێت بەهرەمەندبن لە وەسفی شکۆمەندی پێغەمبەر (د.خ) یان توێژەرانی بواری ئەدەب دەتوانن لەم ڕووەوە سوودمەندبن لە شیعرەکانی ناری .

ناری لە وەسف و ستایشی پێغەمبەردا کەسێکی شارەزاو بلیمەتە، توانیویەتی لە نەعتی ئەودا چەندین تەلمیح و تێکهەڵەکێشی ئایەت و فەرموودە بەکار بهێنێت لە شیعرەکانی و وێنەیەکی بەرزو بالا لە کەسایەتی پێغەمبەر پیشان بدات.

---

76 ناری، *دیوانی ناری*، (2019)، 42.

77 الطبري، *تفسير الطبري*، 16/ 443. ئەم فەرمودەیە هاووێنەی لە پەرتووکی فەرموودەدا هاتووە، بەگشتی چەند ڕیواتێکی بێهێزن، بەڵام وەك فەرموودەناسان دەڵێن دەکرێت بەیەکەوە یەکتری بەهێز بکەن، شوعەیب ئەرنەئوت و لێکۆڵەرەوان لە بارەی ڕیوایەتەکەی موسنەدی ئیمام ئەحمەد دەڵێت: (سەنەدەکەی قابیلی تەصحیحە کردنە، وە ئیبن حیببان لە صەحیحەکەی خۆی هێناویەتی)، مسند أحمد ط الرسالة (29/ 191).

بەهەمان شێوە ناری شاعیرێکی هەست ناسکە و شیعرەکانی بە شێوەیەکی ڕەوانبێژی بەرز نووسیوە، هەر یەك لە مەجاز، کینایە، ئیستیعارە، جیناس و چەندین شێوەی دیکەی بەلاغی لە نێو شیعرەکانی بەرچاو دەکەوێت.

هەروەها ناری زمانزانێکی چاکە، هەریەك لە زمانەکانی فارسی و عەرەبی بەباشی زانیوە، بەم هۆیەوە تێکهەڵکێشێکی زۆری بەو زمانانە کردووە لەگەڵ شیعرەکانی، بۆیە هەر کەسێك بیەوێت سودمەند بێت پێویستە شیعرەکانی ناری فەرامۆش نەکات.

## سەرچاوەکان دوای قورئانی پیرۆز:

**کوردی: کتێب:**

خاڵ، شێخ محمد، فەرهەنگی خاڵ، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2017 ز.

خەزنەدار، مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی (5)، چ1، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2005 ز.

سەجادی، عەلائەددین، مێژووی ئەدەبی کوردی، بغداد، چاپخانەی معارف، 1952 ز.

ناری، مەلا کاکە حەمەی بێلوو، دیوانی ناری، ئا: کاکەی فەلاح، چ1، سنندج، انتشارات کردستان، 2003 ز.

ناری، مەلا کاکە حەمەی بێلوو، دیوانی ناری، ئا: عوسمان عارف ناری زادە، چ3، سلێمانی. 2019 ز.

**عەرەبی: کتێب:**

ابن منظور، محمد بن مكرم بن على، لسان العرب، ط3، بيروت، دار صادر، 1414 هـ.

أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني، مسند أحمد، ت: شعيب الأرنؤوط - عادل مرشد، وآخرون، مؤسسة الرسالة، 2001 م.

البخاري، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل الجعفي، صحيح البخاري، ت: مصطفى ديب البغا، بيروت، دار ابن كثير، 1987م.

الحاكم، أبو عبد الله محمد بن عبد الله بن محمد بن حمدويه ابن البيع، المستدرك على الصحيحين، ت: مصطفى عبد القادر عطا، بيروت، دار الكتب العلمية، 1990م.

حسنين، عبد النعيم محمد، قاموس الفارسية، ط1، بيروت، دار الكتاب اللبناني، 1982م.

الشوکانی، محمد بن علی بن محمد، الفوائد المجموعة، ت: عبد الرحمن یحیی المعلمی، ط3، بیروت، المکتب الإسلامی، 1407 هـ.

الطبري، محمد بن جرير بن يزيد بن كثير الآملي، تاريخ الرسل والملوك، ط1، بيروت، دار الكتب العلمية، 1407 هـ.

الطبري، محمد بن جرير بن يزيد بن كثير الآملي، تفسير الطبري، ت: أحمد محمد شاكر، بيروت، مؤسسة الرسالة، 2000م.

کسرائی، شاکر. قاموس عربی فارسی، ط1، بیروت، الدار العربية للموسوعات، 2014 م.

النیسابوری، مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشیری، صحیح مسلم، ت: محمد فؤاد عبد الباقي، بيروت، دار إحياء التراث العربي .

**فارسی: کتیّب :**

محمد، ناظم، ترجمان اللغات، مجلس معاریف، Princeton University . Library ، 1389 هـ .

# مدح النبي (ص) في أشعار "ناري"

## الملخص


اشتهر ناري بأنه أحد الشعراء الكلاسيكيين في الأدب الكردي، له أشعار في مجالات شتى مثل الغزل وحب الوطن والإنسانية، وله أيضًا أشعار براقة في حب الله ورسوله (ص) .

المجالات التي امتدح فيها ناري النبي وأثنى عليه جاءت بأشكال متنوعة، مثل معجزات النبي وصفاته الخَلقية والخُلُقية الجميلة والحميدة، وقد كان لحب النبي وطلب الشفاعة منه وغيرها مكانة رفيعة في أشعاره، وقد أبدى ناري في ديوانه الحب للنبي والثناء عليه بكلمات طنّانة ورنّانة مثل: (حەزرەتی والا) و (حەبیبی خالیقی عالەم) و (خير البشر) وبصيغ شعرية متنوعة كالفرد والتخميس.

قمنا في المقدمة بإلقاء الضوء على أشعاره العرفانية، ثم تكلمنا عن الخلفية العلمية والأدبية للشاعر في مجال خبرته اللغوية، وفي المقدمة أيضا بينا التشكيلات الشعرية في ديوان ناري، كما وضحنا الخطة البحثية فيها، وفي التمهيد قمنا بعرض سيرة حياة الشاعر، فالمقالة تكونت من قسمين والتي تتضمن في نفسها سبعة عشر بيتًا عرفانيًا، وأخيرًا يتم بيان النتيجة والتوصيات.



**الكلمات المفتاحية**: ناري، مدح النبي، البلاغة، الأشعار والتحليلات.


# Praise of the Prophet (PBUH) in Nari's Poems

## Abstract


Nari is famous as one of the classical poets in Kurdish literature. He has poems in various fields such as love, patriotism, and humanity. He also has brilliant poems about the love of God and His Messenger (PBUH).

The fields in which Nari praised and commended the Prophet came in various forms, such as the Prophet's miracles and his beautiful and praiseworthy physical and moral qualities. Love for the Prophet and seeking intercession from him and other things had a high status in Nari's poems. Nari expressed his love for the Prophet and praised him in his poems with resonant words such as: (Hazerati Wala) and (Hababi Khaliqi Alam) and

(Khair Albashar) and in various poetic forms such as the individual and the quintet.

In the introduction, the researcher presented the poet's biography, then sheds light on his mystical poems, and also talks about the poet's scientific and literary background in the field of his linguistic expertise. In the introduction, the researcher also explains the poetic formations in the Nari collection, then explains his research plan in it. The article consists of two parts, which include seventeen mystical verses, and finally shows the result and recommendations.

**Keywords:** Nari, Praise of the Prophet, Rhetoric, Poetry and Analysis.